www. kurdistannet. org
15-9-02 12:16:09

# باجدان
# ئەركێكی نیشتیمانی و نەتەوەییە. .

**تاریق جەوهەر سارمەمی**

ماوەیەك لەمەوبەر، قسەوباسێكی زۆر لەسەر بڕیاری حكومەتی هەرێم كرا دەربارەی وەرگرتنی باج لەو كارمەندە كوردانەی كە لەرێكخراوە بیانیەكان وسەربە UNكاردەكەن. ئەم بڕیارە ئەگەرچی دەمێكە دەركراوە، بەلام لەم چەند مانگەی دواییدا لەرووی پراكتیكی یەوە جێبەجی كرا.

دیارە هەر بڕیارێك كە لەسەرەتاوە دەردەچێت. لای ئەوكەسانەی كە دەیانگرێتەوە كەمێك بەنامۆیی وقورسی دێتە بەرچاو، چ جای ئەوەی ئەگەر بڕیارەكە پەیوەندی بە وەرگرتنی باجەوە هەبێت. دیارە سیاسەتی حكومەتی هەرێم بەرێكخستنەوەی سیستمی باج و كەمكردنەوەی رێژەی باج لە زۆربەی بوارەكانی ژیاندا، هەنگاوێكی باشی بەرەوپێشچووە ولەخزمەتی گەشەكردنی بازارو ئابووری كوردستاندایە، جگەلەوە كارێكی ئاسایی یە كە دەبی حكومەت بەرپرسبی لەدابینكردنی ئەمن وئاسایشی ولات ودۆزینەوەی دەرفەتی كارو گەشپێدانی خزمەتگوزاریەكانی تەندروستی وپەروەردەی و بوارەكانی تر بۆهاوڵاتیان. بەڵام ئەوە بەو مانایەنییە كە هاوڵاتی هیچ ئەركێكی ناكەوێتە سەرشان. لەكاتێكدا حكومەت كۆمەڵێك ئەرك وخزمەتگوزاری بەرانبەر بە هاوڵاتی جێبەجی دەكات، پێویستە هاوڵاتیش ئیلتیزام وئەركەكانی خۆی بەرانبەر بەیاساوحكومەت جێبەجێبكات، چونكە لەهیچ ولاتێك نەبووە، هاوڵاتیان تەنیا داوای زۆرترین خزمەتگوزاری بكەن و لەبەرانبەریشدا خۆیان لە ئەرك وبەرپرسیارێتی نیشتمانی بدزنەوە.

ئەگەر قسەلە سەر ئەو رێژەیەی حكومەت بكەین كە بۆ وەرگرتنی باج لەو كارمەندانەی (یوئێن)دیاریكردووە كە (٥٪)ە، رێژەیەكی زۆرنیە كەكاربكاتە سەر ژیان و گوزەرانیان. بە لكو ئەمە شتێكی رەمزی وياسايی كەمە بەرانبەر بەو هەمووخزمەتگوزاریانەی كەپێشكەشیان دەكرێت، ئاشكرایە هەندێك لەوخوشك وبرا كوردانە هەیە مووچەی مانگانەیان زیاتر لەنێوان (١٥٠٠ - ٢٥٠٠)دۆلارە، ئەوەی كەمترین مووچە وەردەگری لەنێوان (١٨٠ - ٢٥٠)دۆلار كەمترنیە تا ئەم یەك دوو هەفتەیەش كە لەبازار دەیانگۆریەوە بەدیناری سویسری ، مووچەكانیان دەیان هێندی مووچەی فەرمانبەرانی دەزگاكانی حكومەت بوو. .

جگە لەوەش ئەو كارمەندانەی كەلەرێكخراوەكان كاردەكەن، بەشی زۆریان بەبی ئاگاداری وئیرادەی دەسەلاتی كوردی و هەندێكیشیان بەتەزكیەی بەغدا دامەزراون. هەموولایەكیشمان دەزانین كەبەغدا بۆچ مەبەست وئامانجێك خەلكانی خۆی دەخاتە نێو ریزی ریكخراوە مرۆییەكان كە لەكوردستان كاردەكەن!. بەلام لەگەل ئەوەشدا لەنێویاندا خەلكی دلسۆزو خەمخۆری ولاتی تێدایە، هەروەك خەلكی واشی تێكەوتووە كە جگە لەكۆكردنەوەی دۆلار وپارستنی پلە و پایەی كارەكەی لەخەمی هیچ شتێكی تردانیە. . بەلام كە مەسەلەكە دێتە سەر ئەوەی ئەركی نیشتیمانی ونەتەوەیی خۆیان ببینن، لەرێی ئەو رێژەكەمەی باج كەبۆیان دیاریكراوە، مەسەلەكە بەئاقارێكی تردا دەبەن وبەكارێكی قورسی دەزانن وپێیانوایە حكومەت غەدریان لی دەكا ومافەكانیان زەوت دەكات!. وادەزانن حكومەتی هەرێم تاكەحكومەتە لەدنیا كەباج لە خەلك وەردەگری بەرانبەر بەو خزمەتگوزاریانەی كە پێشكەشیان دەكرێت، ئەگەر خویان بەهەلەدانەبربی ئەم كارمەندە بەرێزانە لەهەموو كەسێكی تری ئەم ولاتە باشتر دەزانن كەوەرگرتنی باج سیستمێكی جیهانیەو كوردیش وەك بەشێك لەدنیای ئەمرۆ ئەم سیستمە پیادەدەكات، ئەگەر بەویژدانەوە بەراوردی بكەن لەگەل ریژەی ئەوباجەی كە لەولاتانی تری ناوچەكە وجیهان وەردەگیریت. دەزانن ئەوەی لای خۆمان زۆر لەهی ئەوان كەمترە. ئایا ئەو بەرێزانە ئەو پرسیارەیان لەخۆیان نەكردووە كە بۆدەبی بەرانبەر بەو ئەركە نیشتیمانیەی خۆیان كەمتەرخەمی بنوێنن!. لەكاتێكدا ئەم بریارە سەرجەم بەرپرس وفەرمانبەرانی دەزگاكانی حكومەت دەگرێتەوە لەبالاترین ئاست تاخوارەوە هەموویان مانگانە

٥٪مووچەکانیان دەگێرنەوە بۆ سندوقی خزمەتکردنی کەسو کاری شەهیدان وقوربانیانی ئەنفالکراوەکان و کەسانی کەمدەرامەتی میللەتەکەمان؟. لەکاتێکدا دەبوایە ئەوان هانی فەرمانبەرانی تر بدەن بۆئەوەی وەك پێویست ئیلتیزاماتی خۆیان بەرانبەر بەدانی باج جێبەجی بکەن. بەتایبەت کەلەم قۆناغەدا ولاتەکەمان پێویستی بەدلسۆزی وبەدەنگەوەهاتنی هەمولایەکمان هەیە لێرەشدا بەپێویستی دەزانین دلسۆزی هاولاتیەکی جوولەکە بە نموونە بهێنمەوە ( کە لەسەرتای دمەزراندنی دەولەتی جوولەکە، جوولەکەکانی دنیا هەریەکەو بەپێی توانای دارایی خۆیەوە بەشداری لەکۆمەککردنی دەولەتەکەیاندا کرد، ئەوکوردانەی کە لەسەردەمی جەنگی جیهانی دووەم لەنێو سوپای ئینگلیزەکاندا بوون دەگێرنەوە، کەلەنزیك سەربازگەکەی ئەواندا لەیۆنان، ئافرەتێکی جوان وخانەدان بەدەم عەرەبانەیەکەوە پاقلەی دەفرۆشت، رۆژانە ئەو سەربازە کوردانە دەچونە لای بریێك پاقلەیان لی دەکڕی تاوای لێهات هاوریێەتیان لەگەڵ پەیداکردو رۆژێکیان ئافرەتەکە سەربازە کوردەکان داوەتی ماڵەوە دەکات، کەدەبینن لەگەڵ پیاوەکەیدا لەخانوێکی گەورەو خۆشدا دەژین. پاش نانخواردن، کوردەکان لەکابرا دەپرسن: ئەری کاکە ئێمە لەوە تێناگەین، تۆ کەخۆت دکتۆری وخاوەنی ئەو هەموو ناز ونیعمەت وخانووە خۆشەی چۆن رازی دەبی ژنەکەت بەدەم عەرەبانەیەکەوە رەوانەی ناو ئەو لەشکرە بکەیت؟. کابرا دەلی : ئێمە جوولەکەین، تازە واخەریکە دەولەتی جوولەکەمان بۆ دامەزراوە بۆپێشکەوتن وپێگەیادنی ئەم دەولەتەش کەخەونی هەموو جوولەکەکانی دنیایە، هەریەکەمان مانگانە برێك لەموچەکانمان پێشکەش بەم دەولەتە دەکەین لەبەر ئەوەی ژنەکەی من مووچە خۆرنیە دەیەوی بەماندووبوونی خۆی پارە پەیدا بکات وبەشداری لەو ئەرکە نەتەوەییەدا بکات وقایل نیە لەجیاتی ئەو من پارەی بەشداریەکەی بدەم).

لەکۆتاییدا هەرئەوەندە دەلێم ئەگەر هەرهیچ نەبێت با ئێمەش چاو لەدلسۆزی میللەتانی تری دنیا بکەین، بەرژەوەندی نیشتیمانی و نەتەوەیی لەسەرووی بەرژەوەندی تایبەتی وتاکەکەسی دابنێین. بۆئەوەی کاروانی حوکمرانی کوردیمان کەبەخوێنی دەیان هەزار شەهیدی گەلەکەمان بەدیهاتووە، بگەیننە دوامەنزلگای ترۆپکی ئاواتە نەتەوەییەکانمان.